کچێکی ئەفریقی ناوی چووە کتێبی گینس دوای ئەوەی درێژترین قژی دەستکرد لە جیهاندا دروستکرد

هێلین ویلیامز نیجیری ڕۆژی چوارشەممە ناوی چووە ناو کتێبی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان، دوای ئەوەی توانی درێژترین قژی دەستکرد لە جیهاندا دروست بکات.

قژی دەستکردی ویلیامز درێژی 350 مەتر بوو و 11 ڕۆژی خایاند بۆ دروستکردنی، بە بەکارهێنانی تەلەی قژی تایبەت، هەروەها 12 سندوق سپرای قژ و 6300 قژ دەرزی قژ.

بەگوێرەی کتێبی ژمارە پێوانەییەکانی گینس، خاوەنی ئەم دەستکەوتە بۆ ماوەی هەشت ساڵە وەک دروستکەری ئەو قژە دەستکردە کار دەکات و هەفتانە 50 بۆ 300 پیخەمیە دروست دەکات و ئەزموونی خەڵکی بۆ قوتابییەکانی دەگوازێتەوە کە ئەم پیشەیەیان فێر دەکەن.

هێلین ویلیامز لەم بارەیەوە وتی: "ئەمە باشترین دەستکەوتە کە تا ئێستا توانیبێتم بەدەستی بهێنم"